ئەم وتارەم ،کە لە ٢٠١٠/٢/٤، نووسیومە جارێکی تریش لەم یادی دامەزراندنی : پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک دا ١١/٩/١٩٧٥ پێشکەشتان دەکەمەوە.

---

## وێنەیەک و پێنج شەهیدی پاسۆک

هەڵۆ بەرزنجەیی




تەمەنی تاک و هاوولاتی میللەتانی خوداپێداو و سەرفراز نەخش بووە ، بە بیرەوەری جۆراو و جۆری سەردەمی منداڵی و رۆژانی قوتابخانە و ساتەوەختەکانی زانستگە و گەشتە بێشومارەکانی وڵاتانی دنیا و سەردانی مۆزەخانە و گەلەرییە بەناوبانگەکان و ...هتد . وێنەش تۆمارێکە تا تەمەن بەرەو هەڵکشان بچێت ئەم زیاتر دەبێتە فلاش باکی بەسەرداچوونەوەی ئەم یادگارانەیە.لە ئاستێکی دیکەدا خودی وێنە تۆماری رووداوە و لە دنیای ئیمڕۆدا رۆڵی بەرچاو و کاریگەر لەسەر مێژووی بەسەرهاتەکان دادەنێت.

هەر لە ساتەوەختەکانی پاش جەنگی جیهانییەوە و بەتایبەت لە دەمی شەڕی ڤێتنام دا کاتێ وێنە جۆربەجۆر و فلیمەکان لەسەر شەڕ بڵاودەبوونەوە ، شکستی ئەمەریکا زیاتر بەرەو چاوەڕوانی ملی دەنا .لە شەڕەکانی ئەفریقا و ئاسیا و بالکان و ئەفغانستان دا بە هەمان پێوانە وێنەی گواستنەوەی شەڕەکان جێ پەنجەیان بەسەر باسەکانەوە بەگەرمی بەدیار دەخست. لە دوا شەڕی روخاندنی عێراق و سەدامیشدا کاتێ سەربازە ئەمەریکاییەکە ئاڵای ئەمەریکای لە سەرودەموچاوی پەیکەرەکەی سەدامەوە پێچایەوە ، ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئەمەریکا لە شەڕی ناوبراودا لە رێگای میدیاکانی جیهانەوە بەدیارکەوت.

وێنە هەواڵەکان بەرجەستەتر دەکات و بە شێوەیەکی کۆنکرێتی و زیندوو بە بینەری دەگەیێنێ .هەمان کات بینەر و خوێنەریش بەسانایی لە مانا و دەلالەتەکانی شەڕ حاڵی دەبێت. هەر بۆیە ئیمڕۆ زیاتر لە جاران باس لەدەسەڵات و هێز و کاریگەریی وێنە لەگەڵێ بواری زانستیدا دەکرێت .

لەبواری ژیانی سادەی هاوڵاتییانیشدا وێنە بەهەمان سەنگ دەپێورێ . کەواتە ئەو پێناسەیەی وێنە لە رووبەری بیرەوەرییەکاندا داگیری دەکات بەها و مانای خۆی هەیە و تێکەڵە بە خۆشی و لەزەتێکی تایبەت. ئالەمەوەیە پاراستنی وێنە و رازاندنەوەی ئەلبوومەکان لە دنیای پێشکەوتوودا جۆرەها فەنتازیای لەخۆگرتووە و بەچاوێکی پڕ لە بەهای بەرزەوە تەماشا دەکرێت .

داخۆ دەبێت بۆ رۆڵەی میللەتێکی نیشتمان سڕاوەی سەرنەخشەی جیهان و هەڕەشەلێکراوی دواکەوتووی دەستی داگیرکەران و دوور لە خۆشی ژیان و بێبەش لە ناسنامەی نەتەوەیی و بەهای ئازادی وێنە چ مانایەک ببەخشێت ؟؟!! هەڵبەت بەهاکان جیاواز و دیدەکان پێوەری دیکە لەخۆ دەگرن.

ئەم وێنەیە ... ناو و یادگار و کوردایەتی و شەهادەتی ٤ پێشمەرگەی قارەمان و سەرکردەیەکی لێهاتووی پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆکە. دوور لە سۆزی دۆست و یاران و برسی و هەناسەسارد و گیرفان بەتاڵ لەبەردەم بارەگای حیزبێکی گەمارۆ دراو دا گیراوە ، بەڵام سەربڵند و

ویژدان حەساوە بە بیروباوەڕی ڕەسەن و ئاواتی سەربەخۆیی نیشتمان و ئازادی و یەکسانی نەتەوە.

لەم وێنەیەدا بیرکردنەوەی جۆراوجۆر ، چاو بڕینە ئاسۆ ، هیوا هەڵچنین و تێڕامانی فیکری قوڵ و ئازارگەلێک لە پشت بیرەوەرییەکانەوە بە لرفە لرف شەپۆل دەدەن.
ئەم وێنەیە دەسەڵاتێکی مێژوویی و سیاسی و فیکری و مرۆیی لە هەناوی بیرەوەرییەکاندا لە خۆ گرتووە و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئێستا و ئاسۆکانی ئاییندەی پڕ لە هیوا و بەختەوەری.
ئەم وێنەیە هەر ڕەنگ و دیمەن و زمانی جەستەی شەپۆلی خەندە و خەرمانی نیگا و ریزبوونی ژمارەی کەسەکان و جۆر و شێوازی جلوبەرگەکان نییە. ئەم وێنەیە پانتایی چەندین هێما و ئاماژەی فرە ڕەهەندی مانا پیرۆزەکانی پاراستنی ڕۆح و یادەوەری و خۆشەویستی چەمکی کوردبوونی پێنج شەهیدی لە ئامێز گرتووە. شەهیدەکان...ئەوەی نێوەندیان سکرتێری حیزبمان کاک ئازاد مستەفایە و بە دوو شەهید لای ڕاست و دوو لە لای چەپ دەورە دراوە. ئەوە مامۆستا و ڕابەر و ئەوانەش شاگرد و پێشمەرگەن . لێرەوە دەکرێت بڵێین مانای وێنە لەم کولتوورەدا بە چەپکێ بەهای جیاواز تەماشا دەکرێت . بۆیەکا دەپرسین : دەبێت دڵی ئەمانە سەرچاوەی چەند عەشقی دیکەی کوردایەتی و مێشکیان لانەی چ جۆرە هزر و فەنتازیایەکی نوێ و هەگبەیان کەشکۆڵی کامە خەون و ئەندێشەی دیکە بوو بێت؟.

دایکێ بەدەست گەورەکردنی زارۆکێکییەوە پڕزۆڵەی لێ دەبڕدرێت و حیزبێ بۆ پێگەیاندنی کادێرێک هەناسەسوار دەبێت و نیشتیمانیش بۆ لەدەستدانی رۆڵەیەکی نیگەران دەبێت . دە ئەوە پاسۆک لە چەند چرکەساتێکدا کەوت بەسەر کۆستی ٤ کادێری هەڵکەتوو و سەرکردە و رابەرێکی ئازیزیدا . چ مەرگەساتێکە بۆ بنەماڵە و هاوبیران ... دەی کێ دەکارێ پاداشتی شەهادەتی شکۆمەندی ئەم شەهیدانە بداتەوە . شەهادەتێک لە پلەی بەرزی هەڵکشان بەرەو ئەولای کەوشەنی پیرۆزییەوە. دەی چی هەیە لە گیان بەخشین بە نەتەوە و نیشتیمان بەهاتر و پیرۆزتر !!. ئەی شەهیدان ئێوە نامرن ، پایە و مەنزڵگای ئێوە گەرمترین خانەی دڵمان و گەشترین بینایی چاومان و رازاوەترین لاپەڕەی مێژوومانە .

١ـ لەراستەوە شەهیدی ئاشبوونەوەی گشتی کاکە عەتا ئەحمەد ناسراو بە بێستون ، کادێری دیار و پێشکەوتووی پاسۆک کە لە داستانی قەیوان و ماوەت شەهید بوو. ناوبراو لە ١٩٥٩ لە سلێمانی لە دایک بووە و لە ١٧,٩,١٩٨٦ دا گوشەی داگیرکەر کۆتایی بە ژیانی هێنا . خوێنی ئەم کادێرە قارەمانەی پاسۆک لەسەنگەری ئاشتبوونەی گشتی لەگەڵ ی.ن.ک. دا بەسەرخوێنی پێشمەرگەی یەکێتیدا رژاو و ئاشتبوونەوەکی پایەدارتر و بەرجەستەتر کرد . شەهید بێستون پورزای شەهیدی سەرکردە کاک ئازاد و پەروەردەی دەستی بوو. چاوەڕێی ئایندەیەکی پڕشنگداری بۆ پاسۆک و کورد لێ دەکرا. کاکە بێستون هاوبیرێکی گوێڕایەڵ و خەمخۆر و دلێری پاسۆک بوو ، بە عەشق و پەرۆش و رێز و خۆشەویستییەکی زۆرەوە لە نێو هاوبیراندا هەڵسوکەوتی دەکرد و بۆ سەرکەوتنی پاسۆک شەونخوونی دەکێشا .

٢ـ شەهیدی قارەمان و لەخۆبووردووی کورد و پاسۆک کاکە بەرزان محەمەد سابیر ی ناسراو بە کوردۆ ساڵی ١٩٦٠ لەسلێمانی لە دایک بووە و لە شەوی ٢٦|٢٧ . ٦. ١٩٨٥ دا بە تۆپی بەعس لە بناری سورێن لەگەڵ هاوبیر شێرکۆدا شەهید دەکرێت و پێکەوە رۆحیان پەروازی بەهەشتی شەهیدان دەبێت...هاوبیر بەرزان لە بنەماڵەیەکی دیار و سەرکەشی کوردایەتین و لە نەوەی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندییە . کادێرێکی هەڵکەوتوو و چاونەترس و قارەمانی پاسۆک بوو . هاوبیر بەرزان رەوشت بەرز و پاک لە برایەتی و دڵسۆز و بەئیرادە بەشداری دەیان نەبەردی کردووە. ئازایەتی و لێوەشاوەیی کاکە بەرزان جێی سەرسووڕمانی هەموو ئەوانە بوو کە دەیانناسی.

٣ـ رابەر و سەرکردەی هەڵکەوتوو کاک ئازاد مستەفا نەخۆشی شیرپەنجە لە کوردستان دووری خستەوە ، دەنا هێندە ئاوێتەی ژانی کورد بوو بوو بۆ چرکەساتێکیش ئامادە نەبوو لێی جیا بێتەوە. کاک ئازاد لە ١٩٤٨ لە ناوچەی بارزان لە دایک بووە ولە ١٩,٣,١ ٩٨٩دا لە نەخۆشخانەیەکی سوید چاوی لێک نا و لەسەر داوای خۆی بەرێز و حورمەتەوە تەرمەکەی بۆ کوردستانی ئازاد برایەوە. ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم سەرکردە نەمرە ئەماشای ماڵپەڕی پاسۆک بکە ـ .

٤ـ شەهید جەمال حەمە سەعی ١٩٦١ لە سلێمانی لە دایک بووە و لە شەڕێکی مەردانەدا لە ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی شیرەمەڕی بناری سورێن فرۆکە مەرگچێنەکانی عێراقی کەلەپاچەیان کرد و شەهید بوو . شەهیدی ناوبراو زۆر لەخۆبووردووانە لەنێو پێشمەرگە و ریزەکانی پاسۆکدا بڕیاری درێژەدان بە خەباتی دابوو . کاکە جەمال تروسکەی رزگاری کوردی لە لوولەی تفەنگەکەی و سەنگەری پاسۆکەوە دەبینی ، هەر بۆیەکە لە تافی لاوییەوە هاتە ریزەکانی رێکخستن و بەشداری خەباتی چەکداری کرد. شەهید وەک رۆڵەیەکی بەئەمەکی کوردایەتی خۆشەویستی نێو دڵی جەماوەری شار و لادێکان بوو.

٥ـ دوا شەهیدی ئەم وێنە پڕ لە حەسرەت و هیوایە کاکە حسین محەمەد سادق خەیات ناسراو بە شێرکۆ* ، کادێری پێشکەوتووی کوردایەتی و پاسۆکە... لە ١,١,١٩٦٢ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە نیوەی دووەمی حەفتاکان دا لەسر رێکخستنەکانی کۆمەڵە دەگیرێ و دەبێتە هادەمی کاک ئازادی زیندانی لە گرتووخانەی ئەبو غرێبی ناوزڕاو. هەر لەوێوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کاک ئازادەوە بڕیاری بوونە پاسۆک بوونی دەدات . کاک ئازادیش چ لە زیندان و چ لە شاخ بایەخێکی تایبەت بە شەهید شێرکۆ دەدات بۆ پەروەردەکردنی ئەو توانا و لێوەشاوەییەی لە بواری سیاسی و سەربازیدا لێی رادەبینراو چاوەڕوان دەکرا. ئەمیش دەست لەملی شەهید بەرزان پێکەوە لەشەوی ٢٦|٢٧. ٦. ١٩٨٥ داهەمان تۆپی داگیرکەر مۆمی تەمەنی دەکوژێنێتەوە .

ئەم کۆمەڵە هەڵۆ گەردنبەرزەی کوردایەتی دەستە چیلەی خەباتیکی قورس و سەختی پاسۆک و کوردایەتین . لە پێناوی یەکگرتنەوەی کوردستانی پارچەپارچە و سەربەخۆیی وڵاتی داگیرکراو و ئازادی یەکسانی نەتەوەی کورد دا دەستیان دایە چەکی شەرەف و دژوارترین رێگای ژیانیان هەڵبژارد . ئەم سەربڵندانەی بەردەم نەتەوە بەئیرادەی تێکۆشانێکەوە چەشنی زەردەشت بۆ تێکشکاندنی بتەکان و خەباتگێڕ بەئاواتی هەڵتەکاندنی سنوورە دەستکردەکان و پێشمەرگە لە پێناوی رامالینی هەژموونی داگیرکەر،خوێنی خۆیان کردە چرای رووناککەرەوەی رێی تێکۆشان .
ئەم شەهیدە دلێرانەی پاسۆک ، توخم و رەگەزی بەهاداری کۆتەڵی پێشمەرگەی گومناو و سەرکردەی لەخۆبووردووی کوردایەتین . ئەو

ڕۆژەی داستانی ژیانی لەدایکبوون و شەهیدبوونیان لە ڕۆژگاری ماندووی شۆڕشی ئەستەمدا وەک تریفە دەدرەوشێتەوە ، ئەوسا حاڵیبوون لە هەوراز و نشێوی خەباتی پاسۆک فراوانتر دەبێت . ئەم پۆلە شەهیدە سیمبۆلی پیرۆزی کوردایەتی و هێزی بەگژداچوونەوەی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراق بوون.

پاسۆک لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە لەبەردەم سەخترین هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکیدا یەکەم هەنگاوی هەڵهێنا. چەند داگیرکەر لە دژی بوو هێندەش نەمکحەرامی لەلایەن هاوخەباتەکانییەوە بەرانبەر کرا. بۆیە دەبێت قسە لەسەر خەباتی پاسۆک لە ڕووبەری ڕەهەندێکی تردا بکەین و بە دیدێکی تایبەت بە هەلومەرجی خۆی بیخوێنینەوە . بەهەمان پێودانگ تێبگەین کە فریشتەی ڕۆحی ئەم شەهیدانە ئاسمانێکی دیکەی هەڵفڕینیان هەبوو . ئاوی ڕووباری ئەمان ڕەوتێکی دیکەی پێش خۆی خستبوو ، چونکە ئەمانە بە دڵ و مێشکیش دەیانویست جۆرێکی دیکە کوردایەتی ببزوێنن .

من لەبەردەم دەسەڵات و هەژموون و هێزی ئەم وێنەیەدا دەستەوسانم !، نازانم قەدەر ئەمانەی لەم چەند سانتیمەترەی سەر ئەم کاغەزەدا هەروا کۆکردۆتەوە ! یاخود بۆ چارەنووسی تژی لە شانازی بیر و ڕێبازی پاسۆک ئەم وێنەیە بە دیواری یادگارییەکاندا هەڵواسراوە . ئەرێ پێم ناڵێن کێ زات دەکات باس لە شەهادەتی ئەمانە وەک مەرگ وماڵئاوایی بکات !؟ پەی بە کەس نابەم ، ئەمانە ڕۆحی ٥ شەهیدن ، وێنەیان تابلۆی نەمرییە و لە چوارچێوەی دڵدا هەڵگیراوە. ئەمانە ئەو کەسانەن بە باوەڕی خۆیان مەدالیای پلەی بەرزی شەهادەییان بەدەست هێناوە و ڕووسوور و هەگبەپڕ دەچنە حزووری نەتەوەکەیان و لە دەروازەی شەهادەتەوە دەچنە مێژووەوە.

ئەی شەهادەت وەک عیبادەت لە میحرابتدا کڕنووش دەبەم بۆ گیانی فریشتەئاسای ئەم پۆلە شەهیدە هەرگیز نەمرە. ئاخر لە << ژیان >> بەنرختر لەم میانەدا نابینم ، ئێوەی شەهید بە پاسۆک و کوردایەتیتان بەخشی. ناوتان گوڵاڵەی سووری وڵات و دیمەنتان چەشنی پۆلە هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمانی جاویدانییە. تا دڵۆپێ خوێن لە دەمارەکان دا بێ و بچێ مەرج بێت نەهێڵین ئاڵای باوەڕتان نەوی بێت. مەگەر شەهادەتی ئێوە نییە بۆتە چراوگی ڕۆشنکەرەوەی ڕێی کوردایەتی و سەرچاوەی ئیلهامبەخشی

پاسۆک بوون . ئەدی چۆکدادان و کۆڵنەدان چ زاتێکی هەیە بەم کەوشەنەدا بکات عبوور .

هاوبیرە ئازیزەکانمان ... شەهیدە زیندووەکان رۆژێ هەر دێت لە بارەگای پاسۆک و مەنزڵگای بەرۆگرانی کوردایەتی رەسەن یادی شایستەترتان بۆ بکرێتەوە، ناوتان گەشاوەتر بکرێت . ئێوە نامرن و لە دڵماندا هەوارتان خستووە .
لەبەردەم شکۆی ناوادەی شەهادەتی مەزنتاندا بۆ ئێمە هەناسەیەکی قوڵی پڕ لەحەسرەت دەمێنێتەوە .

سڵاو لە کاغەز دۆزەرەوە و وێنەی داهێنەر کە یادگار و رۆحی ئەم شەهیدانەیان لەم تابلۆ بچکۆلانەدا بۆمان زیندوو راگرتووە .

بەرلین ٤,٢,٢٠١٠

---

*سەرنج .. سوپاس بۆ هاوبیر سامان زانیاری دەربارەی شەهید شیرکۆ پێدام .